www.kurdistannet.org
5-4-2003 23:05

# ئاواتی گەورەو بچوك گەرانەوە بۆ کەرکوك

علی مەحمود محمد

کێ هەیە ئاواتی ئەوە نەبێت ئەو گەڕەکەی تیایدا ژیاوە و پەروەردە بووە، تابووتی مەرگەکەی بە دەروازەکەی نەبردرێت بۆ گۆرستانی گەڕەکەکەی. کورد گەلێکە لە بری مرۆڤ، هەست و حەز و داخوازیەکانی دەپەرستێت، زیاتر پەیوەندە بە خاکەکەیەوە. ئەوەش لە ترسی ئەوەی لێی داگیر بکەن. ئێمەی کەرکوکیەکانیش هەموو ئاواتمان ئەوە بووە لە سەر خاکی شارەکەمان بژین، لێی بێ بەری کراوین بۆیە لە هەموو کوردێك زیاتر پەیوەست بووینە پێوەی.

کێ هەیە ئەو بەیانیانەی لە یاد چێت شوفێرلێتی لادێکان سەریان دەنا بە دوای یەکدا لە هەرچوار لاوە خۆیان دەکرد بە شاردا. دادەنیشتین لە سەر شیش

حەدیقەی قەلاَ. شەربەتەکەی مەلا گۆتی، و تەزبیحە دەنك زلەکەی واجیدە فەنی، لەفەی دای عیزەت، و ڕۆستەکەی عەباس، و لەبلەبیەکەی مام ڕەمەزان، پیاسەی ئێوارانی

شارع جمهوری و هەزاران هەزار یادگاری کە لە کونج و کە لە بەری ئەم شارە هەمە دوور دیدەییە بە ئاواتم پێیان بگەمەوە. *نازانم بیری کەبابەکەی ڕەزا بکەم یاخوود شێتەکانی شارەکەم، قەبرستانەکەی شێخ محێدین، یاخوود شۆرجە و ئازادی. یان ئەزبەری فرۆشەکان. هاوڕێکانی قوتابخانەم، یان بۆیاخچی و پاکەت فرۆشە هاوپیشەکانی منالّیم. یان جووتیار و مەڕدارەکانی قەلاَ سێوکە و شێخ بزێنی و ناو شوان و بان سالّەیی، تامی ماست وتۆراخ و پەنیر و تۆلّەگەو کنگرەکەیانۣ.*

ئەمە بە لایەك لە لایەکی کەوە شارەکەم سەرچاوەی بیر و بازوی هەموو ڕەنگە سیاسیەکان بووە، هەزاران هەزار شەهید و دەیان هەزار ئەنفالیدا، کەچی ١٢ سالّە خەلّکی شارەکەم لە کوردستاندا سوالّکەری بەر دەرگای هیلالی تورکیاو سعودیەو مەسئولانی کوردە. خوێنی شەڕی ناو خۆیی و کورد کوژییە.

١٢ سالّە عامودی گەورەو بچوگ و تەیرەکەی حەسیب صالّح و سوالّکەری شۆرش و بنەصلاوە دارەتوە.

هەموو بیر لە بیرە نەوتەکەی دەکەنەوە، ئەوەی کەس لە یادی نییە ئاوارەکانی ناو کەلاوەو چادرو سەر شەقامەکانە.

یەك ملیۆن دەزگای دزی بەناومانەوە کار دەکات. بەلاَم قۆرەی سکمان هەموو کات میوانمانە. هەرچی دەست فرۆشی و بە نزین فرۆشی سەر شەقامەکانە و چەکداری خوێن فرۆش و منالّی نەخوێندەوار و لافیتەی مردوەکانە هەمووی خەلّکی شارەکەمە.

پاش دوو دانە پارێزگای نا شارەزای ناو شارەکەم کە بۆم دانراوە لە ئەنقەرەی پایتەختی تۆرانیەکان.

کاغەزی شەرمەزاری بێ دەنگی من و سەدان هەزاری وەك من بە ناوی گەڕەك و قەبرستان و بازار و یادگاریەکانمەوە مۆر دەکرێت کە بۆی نەگەڕێمەوە. کاغەزێك مۆرە کرێت تا ئاوارەکانمان بۆ برسیەتی و سوکایەتی و کوشتن بهێلّنەوە.

ئاخر ئاوارەی برسی شارەکەم نەبێت. کێ هەیە لە برسان خوێنی خۆی بکاتە پەرداخەوە نۆشی بکات.

بەلاَم ئێمەی کەرکوکیەکان کە هەموو دەنگمان بۆ یادگاریەکانمان لێدەدا بە یەك دەنگ دەلّێن

**ئاواتی گەورەو بچوك**

**گەرانەوە بۆ کەرکوك**

٢٠٠٣/٤/٥

www.kurdistannet.org کوردستان نێت